## چەند گوڵێک لە گوڵزاری یادی شەهید جەلال شارەزوری نەمر،




عەبدول قەرەگۆلێ

زۆرن ئەوانەی ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ژیانیان بدەینەوە ئەوا بە ڕۆمانێک یان چیرۆکێکی پڕ لە ناخۆشی و تاڵی و کارەسات گوزەریان کردووە، دیارە کەسایەتی و سەرگوزشتە و ژیانی کاک جەلال یش لێواولێوە لە نشێوی و هەوراز و نەهامەتی و کوێرەوەری ،

شەهید (جەلال محەمەد حسێن) ناسراو بە جەلال شارەزوری لە گوندی شەمە سەر بە بناری شارەزور لە بنەماڵەیەکی کەم دەست لە سالی (1961) چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، تەمەنی کاکە جەلال زۆر نابێت باوکی ماڵئاواییان لێدەکات و لەدونیا دەردەچێت ، پاش چەند ساڵێک شەهید لە نازی دایکیش دەبێت ، دوور لە سۆزی دایک و باوک پەروەردە دەبێت ، پەنا دەباتە بەر ماڵی مامەکانی ، لەژێر چاودێری مام و ئامۆژنیدا گەورە دەبێت و دەچێتە بەر خوێندن ، قۆناغەکانی سەرەتای و ناوەندی و ئامادەیی تەواو دەکات ،
شەهید جەلال کەسێک بوو هەر زوو خۆشەویستی گەل و نیشتیمانەکەی وای لێدەکات بەدووی ڕێکخراوێکی سیاسیدا بگەڕێت تا خۆی تێدا ببینێتەوە ، بۆ ئەوەی خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی و نەتەوایەتی خۆی لەگەل یانداگرێبدات ، بۆیە لە ساڵی (1979) دا پەیوەندی دەکات بە ڕیزی ڕێکخستنەکانی( کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە ، هەر دوای تەواو کردنی خوێندن لە ساڵی (1981) دا پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە تیپی (37 ی شارباژێر) دەبێت بە پێشمەرگە ، دوا پلەی پێشمەرگایەتی ڕابەری سیاسی دەبێت،
کاک جەلال هەر زوو دەبێت بە خۆشەویستی هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی ، ڕوی پرسیارم لە هاوڕێیەکی شەهید کرد دەربارەی شەهید جەلال ، کاک (تۆفیق بچکۆل) گوتی ، من هەرچەندە زۆر بچوکم لە ئاست گەورەی شەهید جەلالدا قسەبکەم بەڵام شەهید هەمیشە قەڵایەکی خۆڕاگر و بەورە بووە لە ناو هاوڕێکانیدا ، بە شەهید بوونی خۆشەویستیەکی زۆری بەجێهێشت لە دڵماندا زۆر زەحمەتە بتوانم لەیادی بکەم لەگەڵ رۆحمدا دەژی،

لە سەرو بەندی مفاوەزاتی نێوان (ی،ن،ک) و ڕژێمی بەعسدا کاک جەلال لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دێتەوە بۆ ناوشاری سلێمانی لەماڵی هاوڕێیەکی ئاشنا دەبێت بە کچە کوردێک بە ناوی (کوردە ) ڕێکەوت وادەبێت هەردوو لا دەکەونە داوی عەشق و ئەوینداری یەکتریەوە ،

لە یادمە ساڵی (1984) زستانێکی سارد بوو دەورمان لە زۆپا و ئاگردانی ماڵەوە دابوو لەماڵی یەکێک لە براکانم بووین ، ماڵی براکەم پەروەردگار کۆرپەیەکی پێبەخشی بوون ، کاک جەلال خۆی وچەند هاوڕێیەکی لە بەری شارباژێرەوە دەیان ویست بپەڕنەوە بۆ ناوچەی قەرەداخ لە گوندی (قەرەگۆل) دوای دانیشتنێکی کورت پرسیاری کرد، کۆرپەکەمان چییە ؟ وتمان کوڕە ، گوتی زۆر باشە دەبێت ناوی بنێن (شۆڕش) پاش کۆتای هاتن بە ناونانی شۆڕشی تازە لەدایک بوو ، هاتە سەر باسی پەیوەندی خۆشەویستی خۆی و کوردە خانی دڵداری ، داوایکرد کە دەبێت وەک ڕسوومی کوردەواری بچنە خوازبێنی ، بەڵام بەداخەوە بیرکردنەوەی کاکە جەلال و ماڵەوەمان دوو بیرکردنەوەی جیاواز بوو ، بەو مەرجە براکانم ڕازی دەبن لەسەر داواکەی کە چەک دابنێت ، راستە کاک جەلال کەوتبووە داوی ئەوینداری کوردە خانەوە بەڵام خۆشەویستی و عاشقی بۆ کوردستانی گەورە زۆر لە کوردە مەزنتر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بوو لای ، داوای ماڵەوە ڕەتدەکاتەوە بە نابەدڵی لە ماڵ دەردەچێت،

دیار بوو کاکە جەلال لە هەڵبژاردنی هاوسەر و خۆشەویستکەیدا کەسێکی هەڵبژاردبوو کە لە بنەماڵەیەکی دڵسۆز و کورد پەروەر بوون هەر ئەوەش وا لە کاک جەلال دەکات ئەوەندەیتر هۆگری کوردە بێت ، بۆیە بێ ئاگاداری خزم و کەس و کاری ئاهەنگی گواستنەوەیان بەڕێدەکەن ،

دایکی کوردە کە بە (خەجێ کوردە ) ناسراوە لەگەڵ کوردەی کیژیدا دەچێتە (سەفرە و گەڵاڵە ) ئاهەنگی گواستنەوەیان لە لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەران و خەڵکی ناوچەکەدا ساز کرد و کەژاوەی بوک و زاوای بۆ یان بە شکڵێکی سادەو ساکار بەڵام پڕ لە خۆشەویستی و جوانی ڕازاندەوە ، وەک هاوسەری شەهید دەڵێت یەک لە ئاواتەکانی شەهید جەلال بینینی کۆرپەی خۆی دەبێت بۆیە دەڵێت کوردە ئەگەر کوڕمان ببێت ناوی دەنێین( پاڤێڵ) خۆ ئەگەر کچ یشبێت ناوی دەنێین (زارێ) بەڵام سەد مخابن تەمەنی پێکەوە بوونی ئەم دوو ئەویندارە ساڵ پڕناکاتەوە لە یەک دادەبڕێن ، بەهۆی قورسای هێرشەکانی ئەوکاتە کە دەکەوێتە سنوری تیپی ( 37 شاربـاژێر )ەوە ، کوردە لەگەڵ چەند خێزانێکی پێشمەرگەدا ئاوارەی ئەودیوی سنوور دەبن و شەهید جەلال یش لە ڕێکەوتی (1987/4/24) دا شەهید دەبێت و دەگاتە کاروانی شەهیدان ، تەمەن زیاتر ڕیگای بە کاکە جەلال نادات خزمەت بە گەل و نیشتیمانەکەی بکات و چاوی بە کوڕە تاقانەکەی (پاڤێڵ) بکەوێت ، هەر وەک چۆن خۆی لە ناز و باوەشی گەرم و سۆزی باوک و دایک بێبەش بوو هەمان چارەنووس چاوەڕێی کاکە پاڤێڵی بێ باوکی کرد، بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحالیە دڵسۆزی کوردە بۆشای بێ باوکی کاکە پاڤێڵ پڕدەکاتەوە و بە جوانترین شێوە پەروەردەی دەکات ،

کوردە دەگێڕێتەوە ئەوماوەی کە دابڕاوین لە یەکدی چەند جارێک نامەی ناردووە بۆ شەید جەلالی هاوسەری ، وەڵامی نامەکانی بەدەست گەشتووەتەوە ، بەڵام پاشان دەردەکەوێت وەڵامی نامەکانی لە لایەن هاوڕێیەکی شەهید جەلالەوە دراوەتەوە ، دەڵێت هەستم کردبوو نە ئەمە خەت و نە ئەمە تەعبیری نە ئەمە بۆنی جەلالی هاوسەرمە ، بۆیە بڕیارمدا سۆراغی بکەم ، دوای زیاتر لە دوومانگ تێپەڕ بوون لە نیوە شەوێکی تاریک و درەنگدا بە ناو ڕەبیەو مۆڵگاکانی ڕژێمدا دەیبەنە سەر مەزارگەی پیرۆزی کاکە جەلال و هاوڕێکانی کە لە گوندی( شانەخسێ) لەگەڵ شەهیدان ( شەهید عەزیز کەناروێی و شەهید شاخەوان و شەهید شێخ تایەر و شەهید خالید و شەهید عومەر کێلەی ) پێکەوە بەخاک سپێردرابوون ،

ساڵ دەڕوات و ساڵ دێت کوردە بڕیاری چونە دەرەوە بۆ هەندەران دەدات ، بە هەرشێوەیەک بێت لەگەڵ پاڤێڵ لە وڵاتی سویسرا جێگیر دەبن ، لەبەر چەند هۆیەک کە کوردە پێی باش دەبێت بەسەر هاتو شەهید بوونی باوکی پاڤێڵ دەشارێتەوە لە کوڕە تاقانەکەی،

ساڵ (2001) دەبێت پاڤێڵ لەگەڵ دایکی سەردانی کوردستان دەکات و دەچنە میوانداری گوندی قەرەگۆل کە بەشی زۆری ماڵی مامەکانی باوکی پاڤێڵی لێدەژین کاتێک دەبینێت بەشێوەیەکی زیاد لەحەد لەباوەشی دەگرن و نازی دەکێشن و گریان و شیوەن ، دەسپێدەکات و گوێبیستی ئەوە دەبێت کە دەڵێن شێوە و شکڵ و هەڵسوکەوتی لە جەلال دەچێت بۆن و بەرامی باوکت لێدێت ، پاڤێڵ ژیر و وشیار دەبێت درک بە چەند نهێنیەکی شاراوە و داخراو دەکات لە ژیانیدا،

بۆیە لە گەڕانەوەیدا بۆ هەندەران دەیکاتە گوشارێک بۆ درکاندنی خاڵە شاراوەو نهێنیەکان، دەڵێت ناگەڕێمەوە لەگەڵت ئەگەر هەموو ڕاستیەکانم بۆ باس نەکەیت ، دەپرسێت جەلال کێیە ؟ ئەو وێنانەی کە هەڵت واسیوە دەڵێیت هاوڕێم بووە کێیە؟ ئەو گۆڕەی کە چوینە سەری گریان بۆی کێیە؟ ئەو هەموو ئامۆژام هەیە بۆ تائێستا نەمناسیوون ؟ باوکی من کێیە ؟ لە کوێیە و چی بەسەر هاتوە؟ بە کۆمەڵ پرسیار ڕوبەڕوی کوردە دەکاتەوە ، جارێکیتر برینی قوڵی سارێژ نەبوو لە جەستەی هەموو لامان هەڵ دەداتەوە و مەرگی کاکە جەلال نوێ دەکاتەوە ، ئیتر لێرەوە کوردە ناتوانێت چیتر ئەم بەسەرهاتە لە کوڕە نازدارەکەی بشارێتەوە،

ماوەتەوە بڵێم هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید جەلال و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان .

abdull_qeregoli@yahoo.se

2008/4/16

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com